# هێشتاش دەسورێتەوەE  pur si mouv

حەمید کەشکۆلی

لە 15 ی فیبریە ی 1564 دا گالیلە گالیلی ، ئەوەی بە ئیکتشافە فەلەکیی و زانستییەکانی لووتی کلیسا و هێزە کۆنەپەرستە فەرمانرەواکانی شکاند و  لە قور وەردەدا ، لە دایک بو. هەروەهاش لە 17 ی فێبرییە دا یادی  شەهیدی پێشکەوتن و ئینسانییەت گیوردانو برونو ( 1548_ 1600) تێپەر بو ، کە مەحکەمەکانی تەفتیش حوکمی ئیعدامی لە هەق دەربری ، بە توهمەتی کفر و زەندەقە لەبەر زانیاریەکانی سەبارەت بە بێکۆتایی گێتی و هێرشەکانی بەسەر سولتە و قودسییەتی پاپ و کلیسا و لە رووەستانیان  ، و حوکمەکە لە کومبادو فیوری  لە رۆما دا بە جێ گەیێنرا .

پێش سادر بوونی حوکمەکمە برونو 7 سالی لە زیندانا بەسەر برد ، چونکە مەحکەمەکانی تەفتیش ئومێدی ئەوەیان هەبو لە برونو لە بیروبۆچوونی خۆی پاشگەز ببیتەوە ، وەلێ بەپێچەوانەوە ، سورتر بوەوە لەسەریان  و باوەری یتەوتر بوەوە.

برونو ی شەهیدی فکر و ئازادی  و گالیلە گالیلی ی فیزیازان و ماتماتیکزان و فەیلەسوفی تێکوشەری دژی دیکتاتورییەتی دینی  هاوسەردەم بوون ، هەرچەند برونو لە گالیلە چەند سالێک کچکەتر بوو .

گالیلە گالیلی زوو باوەری بە فکرو و بۆچوون و ئامۆژگاری ی کوپەرنیکوس ( 1474_ 1543) ، ئەسترۆنومی پۆلەندی روسی  هێنا ، کە جەخت لەسەر سەنتەربوونی رۆژ لە سیستێمی گیتی دا دەکرد ، گالیلی بۆ خۆ شی دەستی هەبو لە پەرەدانی زانیارییەکانی کۆپەرنیکوس و موحکەمکردنی ، ئەوەش بە ئیزافاتە بە نرخەکانی و لیکولینەوە ئەسترۆنۆمییەکانی ، و تێبینییەکانی لەمەر بزاڤی ناوەکی  کەوەکەبەکان و ئەجرامەکانی ئاسمانیی دیکە.

گالیلە دووربینێکی سازکرد ، پێی توانی تەئکید لەسەر کەشفبونی چوار  قەمەرە گەورەکانی جوپیتەر لە سالی 1610 دا بکا  . هەروەهاش قۆناخەکانی هەلسورانی ڤینوس و پەلەکانی رۆژی کەشف کرد.

گالیلە تا چەند سالێک لە زانیاری و بۆچونەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە زەوین وەکو کەوکەبەکانی دیکە لەدەوری رۆژدا خول دەخوا، بە پێچەوانەی خواستی کلیسا و دەسەلاتداران کە دەیانویست خەلکی باوەریان بە مەرکەزییەتی زەوی هەبێ لە بووندا . ناوبانگ و پایەی بەرزی زانستی گالیلە بوە هۆی نەویرانی مەحاکمی تەفتیش رایبگرن لە بلاوکردنی بیروبۆچوونی تا ماوەیەک . کلیسا ش لە دووربینەکەی گالیلە کەلکی وەردەگرت بۆ دۆزینەوەی رێگای خۆش و ئاسان و نزیک و پێشبینی مەترسی لە کەشوهەوا لە بازرگانیەکانی  بە رێگای دەریا .

سالی 1616 مەحاکمی تەفتیش ئەمری دەکرد بۆ گالیلە ئیتر زانیاری لەسەر مەرکەزییەتی رۆژ بلاونەکاتەوە و رایگرێ ، ئویش قەولی دا  ئیتاعەت بکا ، بەلام دوای ئەوەی تەواوی مەلبەندەکانی زانست و لیکولینەوە ئاگایان لە  ئیکتشافەکانی بوەوە و قەبولیان کرد و لەسەریان دەرۆیشتن ، و ئیتر ئەمرەکەی مەحاکمی تەفتیش و قەولی گالیلە بە ئیتاعەتی وان  بێ سوود بو.  بیرۆکە تۆقێنەرەکەی مەرکەزییەتی رۆژ جلەوەی بەردا و بەرهەلدا بو و هیچ هێزێک نەبوو بەری پێ بگرێ و بێگەرێنەتەوە، یان حەدی بۆ دابنێ. تەنانەت گالیلە خۆشی ئەو کارەی پێ نەدەکرا.  گالیلە کتیبیکی نووسی بە ناوی  " دیالۆگ ... " مەحاکمی تەفتیش زۆری لێ کرد ، تێیدا پەشیمانی خۆی دەرببرێ و لە باوەر بە مەرکەزییەتی رۆژ پاشگەزبێتەوە ، و رابگەیێنێ کە لەسەر رێی چەوت بوە . هەر لەودەمەدا بو  ، قسە بەناوبانگەکەی دەنگی دایەوە : هێشتاش دەسورێتەوە

**e pur si move ..**

تەبیعییە کلیسا و ئەو هێزانەی سەر بە وین و ئەو سولتەیەی پیرۆزی دەکا ، دژی ئیکتشافاتی زانستی راوەستن کە درۆ و دەلەسەی زۆردارو چەسێنەران ریسوا دەکەن ، و هانی خەلکی دەدەن بەهەر شێوەیەک ئیتاعەتی چەوسێنەرانیان نەکەن ، ئەوەانەی بە ناوی دین و خوداو موقەددەساتەوە دەیانچەوسیننەوە . تەبیعییە کلیسا و زۆرداران دژی زانیارییک راوەستن تەئکید لەسەر نەبوونی چ جێگەیەکی موقەددەس ناکات ، دەلێ خەلکی هەموویان بە سروشت باش و خێرۆمەندن ، و دەبێ هەمویان لە ماف و ئەرک یەکسان و وەکیەک بن ، و بە یەکسانی خیروبێری زەوی بەسەریان دا بەش بکرێ

شانۆڤانی سۆسیالیستی ئەلمانی بەناوبانگ برتۆلد بریخت ( 1898_1956) زۆر موعجەب بو بە گالیلە ، و ژیانی سەیر و سەرنجراکیشی وی دلگیری کردبو ، نەخەلەسە پرۆبلیماتیکی زانست و لیکولینەوە و ئەخلاق و ئیلتزامی کۆمەلایەتی گالیلە. بریخت شانۆنامەی ( گالیلە گالیلی ) ی نووسی تێیدا رەوشت و ئیدیولۆژی خۆی لە تێکۆشان دژی فاشیسزم و سیستێمی سەرمایەداری رۆن کردەوە.

هاندەری سەرەکی نووسینی " گالیلە گالیلی" سەرکەوتنی فیزیازانانی ئەلمانی ، بەتایبەتی ئوپنهایمەر لە قەلشاندنی ئەتۆمی یورانیۆم و کۆمەکیان لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بوو.

ئەو دەمە مەسەلەی ئەخلاق و ئینساندوستیی زاناکان و رێوشوینی پاراستنی مرۆڤایەتی لە قوەتی وێرانکارانەی ئیکتشافە هەرە گرنگەکان هاتە گۆرێ . بریخت لە شانۆکەی گالیلە گالیلی دوو کێشە ،کە بیرو هۆشی زۆر نووسەریان مەشغوول کردبو ، چارە دەکا : هەوەلیان کێشەی پەرەسەندنی زانست و ئەخلاقی کۆمەلە ، کە بە تێروتەسەلی مناقەشە و تاوتوێ دەکرا ، و هەندی زانا ، هێنرانە ژێر پرسیار ، ئۆپنهایمەر یەکیکیان بوو کە بە یەکەم کەس دادەنرێت کە دەستی هەبو لە چێ کردنی بۆمبی ئەتۆم.

کێشەی دوەم ، سەبارەت بە بەرێوەبردن و پراکتیکی فاکتاکان و کەشفە خەتەرەکان لە سایەی حوکمێکی تۆتالیتیردا بوو ، کە هەمو شت بە تایبەتی زانست و تەکنەلوژی بۆ خۆی پاوان کردبێت ، و نەهیلێ کەسی تر کەلکی لێ وەرگرێ ، و وای ببینێ کە زانست و نەکنیک بە سەریدا دەبتە مەترسییە ک ئەکەر نەیکاتە مەترسی دژی دوژمنەکانی خۆی.

بەلام ئەم دوو کێشەیە ، واتا ئیکتشافی زانستی و ئەخلاقی کۆمەلایەتی بە رای بریخت تۆمن ، دەبێ بە یەکسانی لە گەلیان رەفتار بکرێ ، و نابێ هیچ کامیان پشت گوی بخری ، یان یەکیکیان زۆرتر گرنگی پێ بدرێ ، ئەگینا کۆمەل بنەماکانی سست دەبن و لێکدەوەشیتەوە. بیروبۆچوونی گالیلە بەراستی شۆرشگێرانە بوون ، دژی چینی فەرمانرەوای خوینمژ ی زۆردار ، ئەوانەی چ دوگم هەیە ، پەنای بۆ دەبەن ، و راستیەکان دەشێوێنن ، بۆ ئەوەی تا پێیان بکرێ خەلکی زەحمەتکێشی مەحروم بدوشن ، و پەنا بۆ هەمو شێوەیەکی دەبەن ، کوشتن و برسی کردن یش ، بۆ درێژەدانی بە دەسەلاتی رەشیان ، و بۆ راوەستان لەرووی رەوتی پێشکەوتن و ئینسانییەت ... بەلام ، هەروەکو گالیلە وتی ، دەسورێتەوە !!!